

پەنجەرەی باران

نۆبڵی ئەدەبیاتی 2018 بۆچی بە کەس نەبەخشرا؟

لە ناوەڕاستی ساڵی 2018دا ئەکادیمیای سویدی بۆ خەڵاتی نۆبڵ ڕایگەیاند کە بۆ ساڵی 2018 خەڵاتی نۆبڵ بە کەس نابەخشرێت، ئەوەش بە هۆی ئەو تۆمەتانەی سەبارەت بە بەدڕەوشتیی سێکسی ڕووبەڕووی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیاکە کرانەوە. دوای ساڵی 1943، کە بە هۆی جەنگی جیهانیی دووەمەوە خەڵاتەکە نەبەخشرا، ئەمە یەکەم جارە ئەم خەڵاتە لە کاتی خۆیدا نەبەخشرێت. بڕیارەکەی ساڵی 2018 لە میانەی کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا درا، پاساوە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکەش بریتیبوو لە کەمیی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ، کە بە هۆی ئەو تۆمەتانەی باسکران لە کارەکانیان دوورخرابوونەوە. هاوکات ڕۆژنامەنووسانی ئەدەبی باس لە هۆکارێکی دیکەش دەکەن، ئەویش دزەپێکردنی ناوی ئەو کەسانە بوو کە خەڵاتەکەیان پێ دەبەخشرێت. هەربۆیە دواجار بڕیاردرا کە ساڵی 2019 لە ئاهەنگێکدا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی 2018 ببەخشێتە براوەی ئەو ساڵە.



پاچینکۆ

ڕۆمانێك لەنێوان سنوورەكانی كۆریای باشوور و ژاپۆندا

پاچینكۆ ڕۆمانێكی داستانئامێزی ڕۆماننووسی كۆریای باشوور (مین جین لی)یە، كە باس لە چیرۆكی كۆچبەرانی كۆریای باكوور دەكات لە ژاپۆن، لەگەڵ پەیوەندییە ناجێگیرەكانیان لەنێوان ئاڵوگۆڕی ڕق و خۆشەویستی لە چوارچێوەی كێشەیەكی هیچكۆكیی پڕ لە دراما و تراژیدیادا. لاپەڕەكانی ئەم ڕۆمانە تێكەڵێكن لە سیاسەت و مێژوو و سێكس لەنێوان ئەم دوو وڵاتە دراوسێیەدا. ڕاستە چەندین ڕووخساری لێكچوو هەیە لە كولتوور و فەرهەنگی ئەم دوو وڵاتەدا، بەڵام نووسەر دەستی بردوە بۆ دەرخستنی چەندین لایەنی دیكەی جیاوازی نێوان ئەم دوو وڵاتە. زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانیی یەكەم، بەردەوامیش دەبێت هەتاوەكو ساڵی 1989.



دۆزینەوە و سەرسامی

ئـەم کتێبـە کۆمەڵـە دیدارێکـی فکرییـە کـە لەلایـەن (ماجیـد سـامەرایی)ی ڕەخنەگـرەوە ئامادەکـراوە و بەدواداچوونێکـی گـەورەی کـردوە بـۆ سـەربوردەی ژیـان و ئایدیاکانـی (جەبـرا ئیبراهیـم جەبـرا) بـە درێژایـی دەیـان سـاڵی هاوڕێیەتییـان، پێـش ئـەوەی جەبـرا کۆچـی دوایـی بـکات. ئـەم دیـدارە چێژبەخشـانە لەلایـەن سـامەراییەوە لـە دووتوێـی کتێبێکـدا چاپکـراون بـە ناونیشـانی «دۆزینـەوە و سەرسـامی؛ گفتوگۆیـەک دەربـارەی پاڵنەرەکانـی داهێنـان لەگـەڵ جەبـرا ئیبراهیـم جەبـرا». ئـەم کتێبـە لەلایـەن (دار ضفـاف و الاختلاف)ـەوە لـە بەیـروت چاپکـراوە. دیـدارەکان بەپێـی ڕیزبەندییەکـی لۆژیکیـی ڕیزبەنـد کـراون، کـە هەندێـک جـار مـرۆڤ لـە کاتـی خوێندنەوەیـدا هەسـت دەکات ڕۆمانێـک دەخوێنێتـەوە لەسـەر ژیـان و دیدگاکانـی جەبـرا. بابەتەکانـی نـاو کتێبەکـە گەڕانێکـی چڕن لەنـاو بوارەکانـی ئـەدەب و هونـەر، بەوپێیـەی جەبـرا هـەم ڕۆماننـووس بـوە و هـەم ڕەخنەگرێکـی شـێوەکاری بـوە.

جێگرەوەی نۆبڵ بەخشرایە ماریس کۆندیە

دوای ئـەوەی بەهـۆی کۆمەڵێـک گەندەڵیـی ئەخلاقییـەوە ئەکادیمیـای سـویدی بـۆ خەڵاتـی نۆبڵـی ئەدەبیـات، بڕیاریـدا خەڵاتـی نۆبڵـی ئەدەبیـات بـۆ سـاڵی 2018 دوابخـات و لـە کاتـی خۆیـدا نەیبەخشـێت، نزیکـەی سـەد کـەس لـە ئەکادیمـی و ئەدیبە سـویدییەکان دەسـتەیەکی نوێیـان دامەزرانـد بـە نـاوی «ئەکادیمیـای نوێـی ئەدەبیـات»، کـە وەک وەڵامێکیـش بـوو بـۆ بڕیـاری داخسـتنی بەخشـینی خەڵاتـی نۆبڵـی ئەدەبیـات. خەڵاتـی ئەمسـاڵیش بەخشرایـە نووسـەری فەڕەنسـی (ماریـس کۆندیـە) کـە لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ناوچـەی گۆدالۆپـە لـە دەریـای کاریبـی. ئەکادیمیاکـە لـە وتـاری بەخشـینی خەڵاتەکـەدا ڕایگەیانـدووە کـە «کۆندیـە لـە کارەکانیـدا زۆر بـە وردیـی و بەهێـزی وەسـفی ماڵوێرانییەکانـی کۆڵۆنیالیـزم و فـەوزای پـاش کۆڵۆنیالیـزم دەکات بـە زمانێکـی ڕوون و کاریگـەر».

دوانزە ساڵ دیلێتی
سەربوردەی ژنە دیلێکی هۆڵەندی لە وڵاتی مەغریب

بەم دواییانە وەرگێڕانی عەرەبیی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە، کە لە نووسینی نووسەری هۆڵەندی (ماریا تێر میتلن) ــە. لە ڕاستیدا بوونی گەڕیدەی ژنی خۆرئاوایی لە جیهانی عەرەبی و خۆرهەڵاتییدا گەلێک کەمە، جگە لە چەند ناوێکی ئەو ژنە خۆرئاواییانە نەبێت کە ڕوویان کردۆتە خۆرهەڵاتی عەرەبی، بەتایبەت ئەو بەریتانیانەی کە سەردانی خۆرهەڵاتیان کردووە لە سەدەی نۆزدەدا. بەڵام ئەوانەی لە مەغرب دەرکەوتوون، زۆرینەیان لە دیلەکان بوون. لەنێو ئەوانەدا، خاوەنی ئەم یاداشتانە خانمێکی هۆڵەندییە و کەوتۆتە دەست چەتەکان و ماوەی دوانزە ساڵ لای ئەوان دیل بووە، لەوێوە دەقێکی گرنگمان بۆ دەگێڕێتەوە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە لە مەغریبی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، لەوێدا باس لەو سڵانە دەکات کە لەوێ بەسەریبردووە بە هەموو ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە گۆڕاو و شۆکهێنەرەکانەوە. دەقەکە تێکەڵەیەکە لەنێوان ئەدەبیاتی گەشتیاری و گێڕانەوەی بیۆگرافییدا، کە تێیدا نووسەر چیرۆکی دیلێتیی خۆی و ئازار و نەهامەتی و ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان دەگێڕێتەوە، وێڕای ئەو زمانە ڕاپۆرتئامێزەی بەسەر کتێبەکەدا زاڵە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکەی خەسڵەتێکی ڕیزکئامێزی پێوە دیارە، کە پرە لە ڕووداوی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو.

كافكا و كافكايزم و گەڕان بە دوای ڕزگارییدا لە ڕۆمانی عەرەبییدا

ئـەم کتێبـە لێکۆڵینەوەیەکـی نوێـی ڕەخنەگـر و ئەکادیمیـی عێراقـی و پسـپۆڕی بـواری ئەدەبـی بـەراوردکاری (نەجـم عەبدولـڵا کازم)ــە. ئەمـە پـاش ئـەوە دێـت کـە نووسـەر پێشـتر نزیکـەی 30 کتێبـی دیکـەی بڵاوکردۆتـەوە. ئـەم کتێبـە لـە دەروازەیـەک و دوو بـەش پێکدێـت، لـە دەروازەی کتێبەکـەدا بـاس لـە ئاشـنایی عـەرەب دەکات لەگـەڵ ئەدەبیاتـی بیانـی و کاریگەربوونـی بـە چیـرۆک و ڕۆمانەکانیـان، بەتایبـەت لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا، ئەمـەش بـە شـێوەیەکی تایبەتـی لـە ڕەوت و ئاڕاسـتە تاکگەراییـەکان و سەبجێکتیڤیسـتییەکاندا دەردەکەوێـت، وەک بوونگەرایـی و پووچگەرایـی و نالۆژیکـی و فەنتازیـا. لـە بەشـی یەکەمیشـدا بـاس لـە فرانـس کافـکا و ئەدەبـی کافـکا کـراوە، هەروەهـا بـاس لـە کافکایـزم کـراوە وەک ڕەوتێـک، بـە شـێوەیەکی چـڕ لـە دەوروبـەری کافـکا و ئەدەبەکـەی دەخولێتـەوە. بـەڵام بەشـی دووەمـی کتێبەکەشـدا نووسـەر باسـی لـە دیارتریـن ئـەو ئەدیبانـە کـردووە کـە ڕەگێکـی کافکایـی یاخـود مەیلێکـی کافکایـی لەنـاو ئەدەبەکەیانـدا دەبینرێـت، جـا ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ئاگایانـە و ڕاسـتەوخۆ بـە کافـکا کاریگـەر بووبـن یاخـود بـە شـێوەیەکی نائاگایانـە کەوتبنـە سـەر ئـەو ئاراسـتەیە، لـە نموونـەی ئـەو ڕۆماننووسـە عەرەبانـەش (جـۆرج سـالم)ی سـوری، (محیّدیـن زەنگەنـە)ی عێراقـی، (سـەنەعەڵا ئیبراهیـم)ی میـسری، (جوبـرا ئیبراهیـم جوبـرا)ی فەڵەسـتینی، (ئیبراهیـم نەسرولـڵا)ی ئەردەنـی و (یەحیـا تاهیـر عەبدولـڵا)ی میـسری.

ئانا بێرنز بووە براوەی خەڵاتی مان پۆکەر

خانمە نووسەری ئێرلەندای باکوور (ئانا بێرنز) بە هۆی نووسینی ڕۆمانی (میلکمان)ـەوە بووە براوەی خەڵاتی «مان پۆکەر پرایز»، کە ساڵانە دەدرێت بە باشترین ڕۆمان کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت، بەمەش بووە یەکەم ڕۆماننوسی ئێرلەندای باکوور کە ئەم خەڵاتە بەدەستبهێنێت. لیژنەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتەکە ئەم ڕۆمانەیان گەلێک پێ باش بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە بە ناوازە و کامڵیان لەقەڵەمدا، چونکە زۆر بە قووڵی ڕۆچۆتە ناو ئەو کردە توندوتیژییە تائیفییانەی کە ماوەی زیاتر لە جارەکە سەدەیەکە وڵاتی ئیرلەندای باکووری گرتۆتەوە. لە پاش ساڵی 2013ـەوە ئەمە یەکەمین نووسەری ڕەگەزی مێیە کە ئەم خەڵاتە بەدەستبهێنێت. جێگەی باس ئەم خەڵاتە لە ساڵی 1969ـەوە دامەزراوە و لە سەرەتادا تەنها دەدرا بە ڕۆماننووسەکانی وڵاتانی کۆمۆنوێڵس، بەڵام دواتر کرانەوەی بەخۆیەوە بینی و ئیدی دەبەخشرا بە هەر نووسەرێک کە بە زمانی ئینگلیزی بنووسرێت و کتێبەکانی لە بەریتانیا و ئیرلەندا بڵاوبکاتەوە.

دوبەی؛ گەورەترین پێشانگای کتێب لەسەر ئاستی جیهان

لـە کۆتاییەکانـی مانگـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 2018دا گەورەتریـن پێشـانگای کتێـب کرایـەوە لـە شـاری دوبـەی، کـە بـو گوتـەی ڕێکخەرانـی پێشـانگاکە ئەمـە یەکـەم جـارە پێشـانگایەکی وەهـا گـەورە بێتـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت. کـۆی ئـەو ناونیشـانانەی لەم پێشـانگایەدا دەخرێنـە ڕوو بریتییـن لـە سـێ ملیـۆن ناونیشـان، کـە بـە درێژایـی شـەووڕۆژ کـراوە دەبێـت بـە رووی خوێنەرانـدا. ئـەم پێشـانگایە بـۆ یەکـەم جـار سـاڵی 2009 لـە مالیـزی کرایـەوە و هـەر سـاڵێک لـە وڵاتێـک چالاکییەکانـی بەڕێوەدەچێـت. لـە تـەواوی مـاوەی پێشـانگاکەدا کـە 11 ڕۆژ بـوو، نزیکـەی 300 هـەزار کـەس سـەردانی پیشـانگاکەیان کـرد. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەم پێشـانگایە بریتییـە لـە بەرزیـی ڕێـژەی داشـکاندنی کتێبـەکان و هەرزانـی نرخـی کتێبـەکان.